# لەبەرئاسەوارە ڕەش وبەدەکانی پێویستە کەدەنگ بەین

فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا
faraidun_73@hotmail.com

ئەومافەکەم تازۆرانەی لەململانێکانی ناودەستووردا بەدەست هات، کوردو ئێتینیکەهەمەچەشنەکانی ناو کوردستان لەسەرئاستی جەماوەری داخۆیان بەمەغدورتیابینیوەتەوە،بەوەی ئەومافانەلەئاستی قوربانیەکان وپێشینەیەکی سەخت لەخەبات و بەرخۆدانەکان نەبووە وتموحی مافەڕەهاکانی هاوولاتی نەشکاندوە ،بەلأم بەهۆی فشارەناوخۆی وناوچەیەکان و ئەوەندەبڕکردنی کارتەسیاسیەکانی دەست کورد لەئەمڕۆدا مایەی قبوڵکردن بووە،لەبەرامبەریشدا لایەنی عەرەبی بەتەواوی ڕەووت وئایدیا جیاوازەکانیەوە لە جێگیربوونی ئەومادەوبڕگانە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان .

نابەدڵ ونارەزامەندبوون لەبەرامبەر ئەمری واقیعێکی سەپاو لەسیاسەتی ناوچەکە وەك پێ لەجەرگ نانێك قبوڵیان کردوە، پەڵپ و بەهانەگیری سونەکان بەهەڵخراندنی هێزی ناوخۆی و پشتیوانیەکانی جیهانی عەرەب بەڵگەی حاشانەویستە بۆدژایەتی کردنی مافەجێگیرکراوەکانی کورد لەدەستووردا بەسەپاندنی ئەو مەرج وبەندانەی کەدەبێت لەچوارمانگی داهاتوودا پەرلەمانی نوێ ،گۆڕین و هەموارکردن لە مادە و بڕگەکانی دەستووردابکات، گۆڕانکاریش لەناومادەکانی دەستوور بەهەرئاراستەیەك چ بەئاراستەی کۆنەخوازی و کۆمەڵگای داخراو، یان، ڕووەو دیموکراسی وکۆمەڵگای لیبرال دوولەسەر سێی 3/2کورسیەکانی نوێنەرانی خەڵك یەکلای دەکاتەوە،ئالێرەوە مەترسی یەکی گەورەلەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی 12/15،بۆسەر ئایندەو چارەنووسی سیاسی لەکوردستان.

دەبینرێت،،کەپیلانگێڕیەك بەئەکتیڤی وئامادەباشیەکی ناوەکی ودەرەکی خۆی مەڵاس داوە تاجارێکی دی لەرێگەی زۆرینەوکەمینەوحیلەی دیموکراسیەوە ئەو ماددەو بڕگانەی دوور لەعەقڵی خۆسەپاندن و ئایدۆلۆژیای دۆگما لەقازانجی کەم تازۆری خەڵکی کوردستان ومافەگشتی یەکانی هاوولأتیبون لەعێراق دا نووسراوە پاشەکشەی پێبکرێت،،بۆیەدەڵێم حیلەی دیموکراسی چوونکەئەولایەنانەی بەسەنگ وقورسایی یەکی زۆر دێنەوە ناوململانێکانی خەباتی پەرلەمانی کوڕی دیموکراسی نین و لەناوەڕۆکدا بارگاوین بەپەیامی ترس ئامێز،لەم ڕووبەڕوو بونەوەچانووسسازەدا کەبەڕوومان دێت وئایندەی چوارساڵی سیاسی بۆهەمووبوارەکانی ژیان ڕنگ ڕێژدەکات دەنگۆی ناپەرۆشی وخەم ساردی وبایکۆتکردنی پرۆسەکە بەرگوێ دەکەوێت، ئەویش بەهۆی کەڵەکەبوونی گلەیی و گازەندەکانی جەماوەری خەڵك بۆ ئاستێکی بەرزتروئینسانی تری ژیان لەهەمووشی هەنوکەیی تر کارەبا، نیشتەجێبون، بڵاوی پەتای گەندەڵی ومشەخۆری ،نالێین ئەم پرسەکەڵەکەبووە گرووگرتن وبەهانەی جەماوەری خەڵکەلەدەسەلأت،،بەڵکوو هەمووی داواومافی ڕەهاو ڕەخنەی واقیعی حاڵەلە دەسەلأتێك کەجەماوەرەکەی هەرلە قۆناغەکانی شۆڕشەوە تا ڕۆژەڕەشەکانی ئابلووقەی ئابوری.

بەلەدەستدان وبەخشینی گیان ومالٚ هاوکۆك و هاوتەریبی خەباتەسیاسی یەکەی بووە،هەموو ئەم داواکاری وگازەندانەش دەبێت کارسازانەدەسەلأت گوێی بۆ ڕادێرێ ولەدەسپێکی کارەکانی خۆی دابنێت،،بەلأم ئەمەش بەوەپارسەنگ نادرێتەوە کەبەشداری گەرمووگوڕی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو نەکەین و بەنادیدەی وەربگرین،ئەبێت بزانین لەبەشدارینەکردنمان چی ڕووئەدا،مافەکانی ژنان لەسەرزەمینێك تیرۆروکاری خۆکووژی بەمقاوەمەناودەبرێت بەچی دەگات ؟ ،،،ئازادیەکانی تاك ومافەفەرهەنگی و ڕووناکبیریەکان لەژێرکاریگەری هاتنی هەژمونی ئایدۆلۆژیای دۆگماوبیری تاریك بەکوێ دەگات؟..مافەنەتەوایەتیەکانمان لەدووڕیانێکی پڕبۆسەی ڤاشیزمی نەتەوەچێتی دا بۆکوێ مل ئەنێت ؟،،پەیوەندی ودەستکەوتەدیبلۆماسیە بەدەستهاتووەکان چی بەسەردێت ؟،،، کەواتە پڕنەکردنی سندوقەکانی هەڵبژاردن بەدەنەگەکانی خۆمان بەخوێندنەوەی هەرمەکی بۆڕەوشکەبەبێ چاووکردن لەدووڕیانێکی دیاروئەلتەرناتیفێکی سیاسی ڕۆشن،هەڵەیەکی گەوورەیە زەرەروزیانێکی مێژوویە کەڕەنگدانەوەی چارەنووس وبەخت ڕەشی یەکەی بەرتاك بەتاکی خەڵکی کوردستان دەکەوێت ،،بۆیەوەك ئەرکێکی هەست بەلێپرساوی وفامکردن بەدەرئەنجام وپێشهاتەکانی دوای پرۆسەکە،لەوەبگەین کەئەبێت بەپەرۆشەوقەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی 15ی دیسەمبەربکەین تابەناوی پرۆسەی دیموکراسی وسندوقەکانی هەڵبژاردن ماف ودەستکەوتەکانمان لێ زەوتنەکرێتەوە